# کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال سەیید قادر ، لەئوستراليا خۆپيشاندان بەرێدەخات.

پتر لە 80 رۆژە پارتيی ديموكراتی كوردستان زۆر تۆتاليتاريانەو ديكتاتۆريانە ئەو هەموو نارەزايەتييەی خەلكی كوردستان لەناوەوەو دەرەوەی كوردستان دەخاتە تەنەكەی خۆڵەوە . ئەمە جيا لە چەندين بانگەوازی كەسايەتی كورد و بيانيی و دەخالەتی راستەوخۆی ئەمێريكاش لەئاست ئەم دۆزەدا هەر بەپشتدا دەخرێ.

ئێمە وەک كەمپەينی ئازاديی بۆ د.كەمال سەييد قادر لە كۆميتەی ئوسترالياى ئەم كەمپەينە سەرتاسەرييە... بڕيارماندا لە رۆژی 25-01-2006 ( رێكەوتی چوارشەممە كاتژمێر 2 ی پاش نيوەڕۆ لەبەردەم كۆنسڵيتی ئەمێريكا، لەشاری سيدنی-ئوستراليا خۆپيشاندانێكی هێمنانە بەڕێبخەين و بەتووندی رەخنە لەهەڵوێستی خاووخليچكی ئەمێريكا بگرين ، هەروەها ريسواكردنی سياسەتی پارتيی لە چۆنييەتی مامەڵەكردن لەگەڵ د.كەمال سەييد قادردا.

ئێمە لە چەند رۆژی داهاتوودا وردەكارييەكانی ئەم خۆپيشاندانە بەئاگاداريی هەمووڵايەک دەگەيەنين و لێرەشەوە بانگەوازی هەموو تاكێكی كورد و هەموو حيزب و رێكخراوە سياسييەكان و كولتوورييەكان و هەموو ئەوانە دەكەين كە خوازياريی ئازاديی و مافی مرۆڤن و دژی ستەم و سەركوتكردن و رفاندن و تەمبێكردنن ، بەگەرمی پێشوازييان لێدەكەين بۆ پێوەست بوون بەم خۆپيشاندانەوە. ئەم خۆپيشاندانە لەژێر نفوزی هيچ حيزب و رێكخراوێكی سياسييدا نييە، سەرەڕای جياوزايی بيروبۆچوونەكانمان ، هەموومان لە دەستەبەركردنی ئازاديی بيروڕادەربڕين و پاراستنی مافی مرۆڤدا يەكدەگرينەوە.

پێویستە ئەوەش رابگەیەنین ، ئەم خۆپیشاندانانە بەزیانی کورد تەواو نابێت ، وەک ئەوەی لایەنگرانی پارتیی زۆر کوێرانە پرۆپاگەندەی بۆدەکەن. ئێمەی ئازادییخوازان نابێت دزیی و چەتەیی و گەندەڵییەکانی کوردستان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و رفاندن و داداگاییکردنی بەعسییانە بشارینەوە ، دەبێ هەر دەسەڵاتێک ئەم کارانە بکات لە ئاستی نێودەوڵەتییدا ریسوا بکرێ. زیانمەند پارتیی دەبێت نەک گەلی کورد و پارتییش بریتیی نییە لە ئیرادەی گەلی کورد. بۆیە پێویستە لە شاری سیدنیدا بەبەرچاوی سەدان هەزار کەسی پیادەی شەقامەکان و لەبەردەم کۆنسلێتی ئەمێریکادا ئەم کولتوورە بەعسییە ریسوا بکەین.

Office of Public Affairs
American Consulate General
Level 59, MLC Centre
19-29 Martin Place
Sydney NSW 2000

Tel: (02) 9373-9228
Fax: (02) 9221-0551
Email: info@usembassy-australia.state.gov

کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال سەیید قادر

کۆمیتەی ئوستralia

2006-01-16